

# حیلەی ئەسپەمێیەک ،
# دوای مەرگ !

باران

ئێوەش وەکو من ئەیبینن؟ ئەڵێی بووکە، بە کراسێکی بەرین و سپیتر لە مرواریی ناو سەدەفی دەم دەریاوە، ڕادەکات! دەڵێی پەرستارێکی نیانە، بە کاسێک دەرمانی سوورەوە بۆ بەفریاکەوتنی بیمارێک، ڕادەکات! دەڵێی کەسێک چاوەڕێی دەکات، یان ئەم چاوەڕێی پێڕاگەشتنێکە، نازانێت لە شتێک یان بۆ شتێک ڕادەکات!

ئێ خۆ ئەو بە هەمووی گەیشت، بە هەموو ڕێگاکاندا ڕۆیشت، هەمووی ژیا، تەنانەت مردنیش! سەیرە، هەر چاوەڕێیە! نازانێت چاوەڕێی چییە، خۆ هەمووی تێپەڕاند، هەمووی بەجێهێشت یان هەمووی جێیهێشت، نازانێت، بڵێی لە جێگایەکدا چەقیبێت؟ ئەی ئەو چاوەڕوانییەی مانای چییە؟ ئەی ڕاکردنی بۆ؟ ئەوەتا بیردەکاتەوە، ئەوەتا ئێشێت، یادگارە خۆشەکان لە هەموو شت زیاتر ئازاری دەدەن و بیرەوەرییە ناخۆشەکانیش بەئەندازەی بەهێزترین تەزووی کارەبا دەیگرن، ڕایدەچڵەکێنن، باش دەزانێت ئێستای قۆناغێک دوای مردنێتی، بەڵام پێشتر نەیدەزانی کە دەکرێت پاش مردنیش چاوەڕوانی و نائارامی بیتەنێت! لە هیچ دڵنیا نییە و ناشزانێت ئەو دۆخە چەند دەخایەنێت، هەموو شت لێڵ و ناسروشتی دێتە پێشچاو. بەردەوام هەر بیردەکاتەوە و تەنیا شت کە پەی پێبەرێت، ئەوەیە کە ئەو پێویستە ڕابکات!

من لەبیرم نییە چۆن ناسیم! یان نازانم، ئەو لە خۆم دوو دڵی کردووم، هەر جارێک چیرۆکی یەکەم بینینمانم بۆ دەگێڕایەوە، دەیوت نا ئەو شتانەی تۆ باسیان دەکەیت، ڕوویان نەداوە، لە کوێیان دەهێنیت؟!

کەچی من وادەزانم (سپێدە)م لە ڕێگەی گۆڕستانێک ناسیبێت! ئا دێتەوە یادم ئەو دەچووە سەر قەبری پیاوە پیرەکە، ئەو پیاوەی کە لە باپیری دەچوو، ئەوەی کە لەبەردەم شووشەی کۆگایەکی جلوبەرگدا، دەمی ڕوانینی ئەم لە بلووسێک، پێی وتبوو، (لەبەرتدا زۆر جوان دەبێت). ئەمیش یەکسەر بلووسەکەی کڕی بوو. خۆ هەر ئەو جارە ئەو پیاوەی بینی بوو، کەچی نازانم چۆن دەیزانی پیاوە پیرەکە مردووە و ئەوەش گۆڕەکەیەتی!

سپێدە ساڵیی دوو وەرز، تۆوی گوڵی جۆراوجۆری دەبرد، لە دەوروپشتی گۆڕەکانی ئەو قەبرستانە پڕ لە خاچ و بتەدا دەیپرژاند و قەتیش بێخزمەتی نەدەکردن. هەندێ جار پێم دەوت تۆ زۆر سەیری! بۆ هێندە سەردانی ئەوێ دەکەیت؟ ئاخر تۆ هەر ناشزانیت ئەو مردووانە کێن و کوێنەرین، ڕەنگە کەسی خراپیش بن. ئەو دەیوت ڕەنگە باشیش بن، ڕەنگە پەشیمان بووبنەوە لە هەر خراپییەک کە کردبێتیشیان، رەنگە تەنیا و بێتاقەت بن. لێگەڕێ من ئاوا ئاسوودەم، منێک کە پێڕانەگەیشتم مردوویەکی نیشتمان بلاوێنم، نەمتوانی بچمە خزمەتی سەیوان، یاخود دەباشان و دەست بەسەری کێلێکدا بێنم..

ئەو نکوڵیی لە زۆر ڕووداو دەکرد، تەنانەت ئەوەشی بیر نەمابوو کە شەوێک تا بەیانی پێکەوە گریاین. دەیوت تۆ خۆت ئەو باسانە دروست دەکەیت! من دڵنیام خۆم دروستم نەدەکردن، ئەو شتانە وابوون، بەڵام قەت نەمدەتوانی قسەی خۆمی بۆ بسەلمێنم، بۆ نموونە: نازانم ئەو شەوە تا بەیانی بۆچی گریاین؟ ئەی چۆن بیری بهێنمەوە کە ئێمە هەتا شلوکوت نەبووین، ژێر نەبووینەوە و دواجار لە باوەشی یەکتریدا خەوێکی قورس دادیداین..

ئێستاش کە ئەو ڕۆیشتووە، هیچ شتێکی ڕوون لە یادەوەریی تەمەنی و ڕۆژانی پێکەوە بوونماندا نییە، کە بۆتانی بگێڕمەوە، بەڵام من مەبەستمە ئەو هەستە پەڕەوازانە بنووسمەوە، دڵنیاش بن بەڕابردوو بوون هیچێکی کاڵ نەکردۆتەوە، بەڵکە ئەو بە سروشتی خۆی وابوو، وەک ئەوەی کڵاوە ئەفسووناوییەکەی کەچەڵی کۆتربازی لە سەری نهێنییەکانی نابێت، هێز نەبوو ڕووداوەکانی بەیان بکات و پەییان پێبەرێت. من بە درێژایی پێکەوەبوونمان شتێکی ئەوتۆی لێ حاڵی نەبووم و هەمیشە وامهەستدەکرد زۆری مابێت چیرۆکی ئەو ڕوونبێتەوە! جاری وا هەبوو کە دەهاتە لام هەموو گیانی پێدەکەنی و دەیوت: دڵم زۆر خۆشە، ئەوەشی دەڵێت ژیان ناخۆشە، خۆی نەخۆشە! جاری واش هەبوو بە قورسایی خەمی کێوێکەوە دەهاتە بەردەمم و بە ئاستەم دەنگیم دەبیست، دەیوت دەترسم هاوڕێ، دڵم زۆر تەنگە، ژیان سەختە، ژیان ڕەقە!

سپێدە ئەو ڕۆژەی کە مرد، لە ماڵێکی گەورە و پڕ لە پێکەوەبووندا، تەنیا بوو، ژیان دەمێک بوو خۆی لێ گۆڕیبوو، دەمێک بوو دڵی وەک کێلوونی دەرگایەکی ژەنگگرتوو گیر بووبوو لێی و هەرچی دەکرد و دەکۆشا نەدەکرایەوە، ژیان برێک شێی ئەو و تاوە تۆفانی ژینگەی کردبووە دەسکەلای دەستی و هۆکاری ژەنگگرتن و نەکرانەوەی بۆ تاهەتایە! ئەو وەک زاتێکی باوەڕدار بە ژیان و چۆکدانەدان بۆ ئەو گیرییە، یەکبینە دەیوت دڵی تۆ مس نەبوو، زێڕ بوو، مەحاڵە ژەنگ هەڵهێنانی. نا لە شوێنێکدا هەڵەیەک هەیە، نا ئەمە کۆتایی نەکردنەوەی نییە!

لێ سپێدە وتەنی، ژیان سووربوو لەسەر ئەوەی ئەو لە خۆیدا بکاتە دەر و دەشیویست ناچارییکات کە دوا بڕیاری چوونەدەرەوەی، ئەو خۆی بیدات. سپێدە نەیدەویست ژیان جێبێڵێت، هەرنەبێت ئێستا نا، تکای دەکرد نەیکوژێت تا خۆی دەمرێت. بەشکم لە پێکەنینێکا بمرێت، بەشکم لە خۆشیا دڵی بووەستێت، بەشکم شاگەشکەبێت. ئاوها مردنێکی لە لا ئاواتە، یان بەشکم شەوێک بێ خەیاڵی خۆش یان ناخۆش پاش نووستنی خەبەری نەبێتەوە. ئەم نەیدەویست بە تۆمەتدانەپاڵێک بکوژرێت یان بە کوشتنی خۆی ناچار بکرێت!

سپێدە، کە ئەو ڕۆژەشی بیر نەمابوو کە غەیبزانێک لە ناو ئاپۆرەیەک خەڵکدا، پەنجەی بۆ ڕاکێشا و وتی: ئەگەر کەسێک لە ناو ئێوەدا خاوەنی چارەنووسێکی

به خەم شکۆدار بێت، ئەوە ئەم خانمەیە! سەرەتاکانی زۆر پێشتر لەو ڕووداوانەی لەبیر بوو، ئەو دەمەی کە بەینی خۆشبوو لەگەڵ ژیان، ئەو کاتانەی هەموو شت ڕۆژ بە ڕۆژ قەشەنگتر خۆیان بۆ دەنواند و سات دوای سات باوەڕیان بەخۆی پێ پتەوتر دەکرد. کە بە هەموو چرکەیەکی شاد بوو، کە خۆزگەی بە بوونی خۆی دەخواست لە ژیاندا، هەمیشەش لە یادی ئەو بەیانییانەدا بوو کە بە گومڕابوونی منداڵانە و خۆشبەختییەکی ئەفسووناوییەوە بەسەر شەقامە گشتییەکەی (شار)دا ڕووەو مەیدانی پاسەکان، نەرم نەرم هەنگاوی دەنا.

لەو مەیدانە بیرەوەریی خۆشی هەبووە، ئێ هەر لەوێ دێرینترین هاوڕێی منداڵیی بینیوەتەوە، هاوڕێی سەردەمی شفتەی تەزویر و شرووبیی سەر سینی و خەتخەتێنی کۆڵان، نازدارەکەی دەستەخوشکی، موڕاقیبە میهرەبانەکەی پۆلی دووەکان.

زۆر جار باسی لە ڕۆژێکی زستانی ئەوێ دەکرد، کە لە یادەوەریی ئەودا جوانترین کاتەکانی بوون بە خەیاڵ. باسی بەیانییەک کە لە ناو پاسێکدا وەک هەمیشەی لەسەر یەکەم کوشنی سەرپەڕ دادەنیشێت، ملپێچەکەی لە ملی دەکاتەوە، دەستکێشەکانی لە دەستی دادەکەنێت و بە داڵغەی سەردەمی منداڵی و هاواری هاوڕێکەیەوە لە دەمی بانگکردنیدا، لەسەر تەمی سەر جامی پاسەکە دەنووسێت (سپێدە). ئەو بەیانییە کە یەکەمین جار دەبێت هەست بە مانا و ڕاستیی بوونی ناوەکەی بکات، سپێدە تەنیا ناوی خۆی و زرنگانەوەی دەنگی هاوڕێکەی نابێت، بەڵکە ئەم، ژیان لە ژینگەی ناوەکەشدا دەکات. هەر لەناو پاسەکەدا لەگەڵ سەرنجدانی لە منداڵێک بە باوەشی دایکییەوە، سەری دەنێت بە جامەکەی تەنیشتییەوە و تێکەڵ بە دنیای ڕامان دەبێت.. لە درزی جامێکی پێشترەوە کزەبایەکی کریستاڵ ئاسا گەردیلەکانی کازیوەیەکی زیوین لە سیمای دەدات و بە زمانی بێگەردی بەیانیان لەگەڵی دەدوێت، ئەو خەیاڵ بە داهاتوویەکی پرشنگدارەوە دەکات و بیر لەو هێز و هەڵکەوت و خۆشبەختییانە دەکاتەوە کە مرۆڤ هەنی لەگەڵ ژیاندا. بزەیەک لە ناخی دڵەوە لێوە تەڕەکانی تورت دەکات و ڕووەو گۆناکانی ڕایدەکێشێت، هەست بە زەوی ناکات و دەکەوێتە گەردوونی ڕەهاگەرایەتییەوە.. تاوێک پێیوایە پاسەکە دوو باڵی گرتووە و دەفڕێت، تاوێکیش واهەستدەکات بە پێوە و بە وەستاوی بە ئاسماندا بڕوات، بێئەوەی هەنگاوێک بنێت، دەگاتە دەمکەلی خۆر لە دەمی هەڵهاتنیدا و دەست و ڕوومەت و برژانگەکانی لە پەلوپۆی هەورەکان و ئاسۆیەکی فێنک و شێدار دەخشێنێت، هەر لەوێوە خەیاڵ بە بەرکەوتنەکانی تیشکی ڕۆژ لە عەسرێکی باراناویدا دەکات و خول دەخوات و جەستەی بە کەوانەیی لەبەردەم خۆردا دەچەقێنێت، بەو بەرزییەوە، بەدەم پێشبینیکردنی ڕۆژگارێکی شادیبەخشەوە دەتریقێتەوە و ڕەنگڕێژ دەبێت لە سیحری ئاسمان، کلو کلو هەور لێدەکاتەوە، یاریی پێ دەکات و لەبەردەم خۆیەوە دەڵێت: مرۆڤ و پەلکەزێڕینە و گەورەیی ژیان!

تا ئەو دەمەی تێدەگەین ئادەمیزاد تاقانە بوونەوەرێکە لەگەڵ قوڵپێک گریان دێتە دنیاوە و بە گەردوونێک گلەییەوە بەجێیدێڵێت، زۆری دەوێت! تا درککردنی ئەوەش کە ئەزموون فێرگەیەکی بەلاش نییە، گرانمان لەسەر دەکەوێت، مەست مەست بە قاڵبوونی چاندنی خەون و گوڵەوە لە هۆش خۆ دەچین و ناوەختێک، زڕەی ناقۆڵاترین زەنگ، دڵمان لە مستمان دەنێت، کار هەر بەوەوە ناوەستێت، هێندە نابات ئەوی مرۆڤ نازناوی تاوانباری لێدەنرێت و دووریش نییە بەبێ گوێگرتن لە چەند و چۆن و بۆچیش سزا نەدرێت! لێرەوە گەورەیی هەپوو! ئیدی پێشەنگی بڵقێکی قەڵەوە، سەرئاو دەکەوێت. بڵێی نموونەییبوون لەو حیکایەتانەدا جێمابێت کە چاوانی منداڵیمانی خەواند؟! بڵێی جوانییەکانی ژیان هەر ئەوەندەی ئەو جۆکەرە عاشقە بن کە لە باڵی پەپوولەیەکی نایلۆندا خۆی نواند؟!

ئەم چەند دێڕەی بە بۆیەی ئاکریلی سوور لەسەر پەنجەرەی ژوورەکەی نووسیبوو، دیارە ئەم وشانە و تابلۆکانی تاکە دۆکۆمێنتن کە لە ڕێیانەوە بزانین

بەر لە ڕۆشتنی بیری لەچی کردۆتەوە و چۆنی گوزەراندووە؟! ماڵەکەی لە ستۆدیۆیەکی گەورە دەچێت، پڕە لە ڕەنگ، کەرەسەی وێنەکێشان و جۆرەها تابلۆ، بەڵام بە پێچەوانەی هەر وەرشەیەکەوە، دەڵێی مۆزەخانەیەکە کە دەستلێدان لە هەر شتێک تیایدا قەدەغەیە! ئاخر بەشێوەیەکی سەیر هەموو شتێ لەجێی خۆیەتی و هیچ بڵاو نییە. ڕاستی، دیمەنی شتەکانی بۆ خۆیان وەها تابلۆیەکن کە تەنیا سەیریان بکەیت و دڵت نەیەت پەنجەیان بۆ بەریت. ئەو هەمیشە دیقەتی لەسەر شتە وردەکان بوو، تا ئەو ڕادەیەی ملیمەترێک بەملادا یان بەولادا کەوتنی هەر شتێکی ناوماڵەکە هەراسانیان دەکرد و دەبوو زووبەزوو چاکیان بکات. ئەو کاتانەشی هەموو شتێ لەجێی خۆی بوو، ئاسوودەیی هەناوی دەگرتەوە. ئەو هەر وابوو، سەبارەت بە هەموو شتێک، زۆر جار بە شتی زۆر بچووک دڵی زۆر خۆش دەبوو، هەروەک چۆن شتی زۆر بچووکیش دەیتوانی تا ئەوپەڕی دڵتەنگی بەرێت!

کەمێک لای تابلۆکان دەوەستین، سەیرکەن، دوو شت جێگەی سەرنجە لێرەدا، یەکەمیان ئەوەی کە تابلۆکان فۆرمی لێکنەچوو و سەیریان هەیە، بازنەی قوپاو، سێگۆشەی لا قرتاو، لاکێشەی کەرت کەرت و جۆرەها شێوەی نەناسراو. دووەمیش ئەو تێکستە کورتانەی کە لە تەنیشت هەر تابلۆیەکەوە نووسیونی! هەندێک لەو دەقانە پێناچێ هیچ پەیوەندییەکیان بە وێنەکەوە هەبێت و هەندێکیشیان دەشێت وەک تیشکێک بۆ سەر تابلۆکە وەربگیرێت.

بۆ وێنە، ئەو تابلۆ خڕەی سەر دیوارە پانەکە، پێدەچێت چەندین تاسە و چاڵوچۆڵی تێدابێت، ڕەش دەچێتەوە و سێبەری کچێکی تێدا دەرکەوتووە، لەسەر ئەژنۆکانی خۆی گرتۆتەوە، دەستێکی لە زەوییەکە توونت کردووە و دەستەکەی تری ڕووەو ئاسمان بەرز کردۆتەوە و بە چنگێکی کراوەوە گەرەکێتی (ڕۆژ) دابگرێت، لە تەنیشت ئەم تابلۆیەوە بە خەتی کامەران نووسراوە: (تۆ وەرە، من ئاوا، دەستم ناگاتێ..)

هەر ڕێک بەرامبەر ئەو تابلۆیە، لە تابلۆیەکی سێپارچەی نارێکدا، وێنەی دایکێکی پڕ حەسرەت و تەرمی ساردبۆوەی کۆرپەیەک و سی و یەک پەڕەی گوڵ و ژیلەمۆ، بۆ لای خۆیان پەلکێشت دەکەن. لە تەنیشتیانەوە بە هەمان خەتی دەقەکەی تر نووسراوە:

(دەبوو هەناسەم بکەمە هەناسەت، تاسەر پەتیکەم ئازار و تاسەت، دەمویست گلێنەم بنێمە ژێر پێت، خوێنم نانت بێت، جەستەم شوێن و جێت. خۆ ئاواتم بوو لەم دنیایەدا، ئەو و من و تۆ، تەلارێک چێکەین لە بەهەشت بچێت..)

تابلۆیەکی تر لەملاترەوە، وێنەی گۆڕێکە، کەسێکی دەست لەژێر چەنەی تێدا دانیشتووە، ڕوون دیار نییە ئەو کەسە پیاوە یاخود ژن، بەڵام لە تەنیشتییەوە بە خەتێکی تەژی لە دڵەڕاوکێ نووسراوە: (ئەم کە وەک ئەوەی دەیخواست نە ژیاو نە مرد، دەستیشی لەوە شتووە کە بگاتە (نیرڤانا) [2]، بەڵام بەم چاوەڕوانییەدا پێدەچێت چووبێتەوە سەر ئەو خەڵکەی کە هیوادارن، پاش مەرگ، جارێکی دی لە جەستەیەکی تردا، زیندەگی جوانتر بگەڕێنەوە ژیان..!)

لەوسەرەوە موشتەقاتەکانی ڕەنگێک بە سەرتاپای تابلۆی ژێر کاتژمێرەکەدا ڕژاوە و هەر بە خەتی کامەران لە تەنیشتییەوە نووسراوە: (دڵنیای، کارێکت پێم نەماوە..!؟)

هەر ئێستا هاتەوە بیرم، ڕۆژێک کە هاتبووم بۆ لای، هەر ڕێک دوای خوێندنەوەی ئەم تێکستانە لێم پرسی:

-پێم ناڵێی ڕووی ستایش و گلەییت لە کێیە؟

ئەو لە وەڵامدا پێی وتم:

+زووە بۆ وتن، بەڵام ئەگەر بە درەنگانی درکاندنیش ڕانەگەشتم.. ژیان یار و یارییەکەیە!

تابلۆکان زۆرن و حەوسەڵەی نووسینەوەیانم نییە، زۆر وتن لەسەر ئەوەی کە تێپەڕی، هیچێک لەوەی کە دێت پێش ناخات، ئەوەی کە ماوە گرنگبێت ئێوە بیزانن ئەوەیە کە ئەو مردنێکی ئاسایی نەمرد. نا ئەو وەها نەبوو کە ڕۆحی دەرچێت، لاشەکەی بنێژن و باڵایەک زەوی لە خاکی ئەو دنیایەدا داگیر بکات

که لەم بێزار بوو بوو. ئەم کە بینیی ژیان وەک خەیاڵ و خەونەکانی پێیەوە قەشەنگ و دڵ گەورە نییە و کە زانیی مەحاڵە خۆی بە دزێوی و دابڕان ڕابێت.. لەرزی لێهات، مەراق دایگرت و ویستی خۆی بخافڵێنێت، کەچی بیرکردنەوەی ئازارکێش دەمار دەماری پچڕاند، ئێسک ئێسک و خانە خانەی بە گەرد کرد.. من بینیم، ئەو تەنک تەنک دووکەڵی کرد! ئا باوەڕ بکەن، بوو بە هەڵم و لە زریکەیەک بەولاوە، ئاسەوارێکی لە پاش خۆی جێنەهێشت!

ئەوەتا، لە جێگایەکی تر، بەردەمی تا چاو بڕکات بۆشاییە و ئەو بەردەوام هەر ڕادەکات، ڕادەکات وەک ئەوەی بەدوای شتێکدا بگەڕێت، یان وەک ئەوەی شتێک ڕاوی بنێت، ڕادەکات و توانای بەسەر هێمنکردنەوەی هەنگاوەکانیا نەماوە، ڕادەکات و شوێنپێ بەجێماوەکانی، داستانێک تۆمار دەکەن، لە دواوە.. ڕادەکات و چاوانی ترس و ماتەمی ونبوونیان تێزاوە، ڕادەکات و بەردێک لەبەرپێی ناگیرێت، درەختێک نایەتە ڕێی بیگرێتەوە، دیوارێک نایوەستێنێتەوە، شتێک باوەشی بۆ ناگرێتەوە، ئەو ڕادەکات و ئازاری دڵی پشکۆیە، پێناچێ دامرکێتەوە. هەر ڕادەکات و خەیاڵی هەر لای ئەوەیە، چۆن و کەی لەگەڵ ژیاندا ئاشتبێتەوە؟! کەللەی ڕەقە، نایەوێت دان بەوەدا بنێت، ژیان ئەوی هەر بەبیریش نایەتەوە..! دەیبینن، بەردەوام هەر ڕادەکات..

.........................

[1] دیارە لە زمانی کوردیدا بە مێیەی ئەسپ دەوترێت ماین، بەڵام من وشەکەم وەک دەربڕینێک پێخۆش نەبوو، بۆیە (ئەسپەمێ)م بەکارهێنا!

[2] (نیرڤانا) ئامانجی گرووپێکە کە پابەندی ئایینی (بوودی)ن. ئەوان کە پێیانوایە مرۆڤی نموونەیی دەتوانێ بگاتە ئاستی ئازادبوونی ڕۆح و بۆ تاهەتا ڕزگار بوون لە ئازار. ئەمە لە کاتێکدا، بەپێی باوەڕی ئەوان، نەگەیشتن بە ئازادبوون و نیرڤانا، مانای بەردەوامیی ئازار دەگەیەنێت!

